# سەردانێک بۆ وڵاتی کوردان لەساڵی ٢٠١٥

مەحموود حەمە چاوش

پێش چەند ساڵێک هاوکارێکی عەرەبم پێی وتم ئەزانی سیفەتی ئێمەی عەرەب
لە سیفەتی چ باڵندەیەک ئەچێت؟ منیش وتم نازانم، بۆچی و مەبەستت چییە؟ وتی ئێستا بۆتی ڕوون ئەکەمەوە. ئەو هاوکارەم وتی" عەرەب لە سیفەتتدا لە باڵندەی کوکوختی ئەچێت". جارێکی تر وتم من لە تۆ تێناگەم مەبەستت چییە؟ وتی "کوکوختی تەنها باڵندەیەکە، کە ئەچێتە سەر هێلانەی باڵندەیەکی تر و تەنانەت هێلکەکانیشی دەکاتە هی خۆی".
لە پاش قەتلوعامی موسڵ و ناوچەکانی شنگاڵ و کۆبانێ، زیاتر لە مەبەستی ئەو هاوکارەم تێگەیشتم، کە زۆرینەی ناوچەکە بۆتە شوێنی ژیانی عەرەبی کوکوختی. لەم چەند ساڵەی ڕابردودا لەخەوێشمدا بمدیبایە باوەڕم بەوە نەدەکرد، کە لە کوردستانی ئازادو سەربەخۆ، "عەرەبی براو هاونیشتمان" بەم چەشنە و شێوازە لە کوردستانی نیشتمانی کوردان، مامەڵە لە گەڵ کوردی خانە خوێ بکەن! لەم وڵاتە عەرەبی شۆڤێنی و ڕق لە کورد، هەتا چەند ساڵ لەوە پێش ئەم نیشتمانەیان وێران دەکرد و خەڵکیان ئەنفال دەکرد و حەولی ژێنۆساید و قڕکردنی کوردیان دەدا، هەمان عەرەب هەمێستاش لە کوردستان خۆی بە براگەورە ئەزانێت و هەڵسوکەوتی تێدا ئەکات.
لەشاری سلێمانی و هەولێر عەرەبەکان بە ئێمەی کورد ئەڵێن کاکە إحچی بلعربی( کاکە بە عەڕەبی بئاخفە).
من لە هیچ کولتورێکی جیهاندا نەمبیستووە میوان بە خاوەن ماڵ بڵێت بە زمانی من بئاخافە! ئەمە ئەگەر ئەو سیفەتەی
کوکوختی نەبێت ئەی چییە؟ عەرەبە ئاوارەو میوانەکانمان لە کوردستان بێزیان نایات بە زمانی کوردی بئاخافن، ئێستاش خۆیان بە برا گەورە و ئێمەش بە سووکزان و برا بچکۆلە ئەزانن.
لە شاری هەولێر و لە گەڕەکی عەنکاوە ئەبێت کاتژمێرێک بگەڕێیت، تاکوو کوردێک ئەدۆزیتەوە! ئەگەر کەسێکیش بە زبانی کوردی قسە بکات، ئەوا بە سەرسوڕمانێکەوە سەیری ئەکەن و ئەڵێن ئێمە لە زمانی کوردی تێناگەین، إحچی بلعربی.
من پێم زۆر سەیرە کابرایەکی کورد بێتە شاری بەرلین و بە خەڵکی ئەو شارە بڵێت بە کوردی قسەم لەگەڵدا بکەن، چونکە من ئەڵمانی نازانم. کورد ئەڵێ "نازانم ڕەحەتی گیانە"، منیش ئەڵێم نەزانینی زمانی کوردی عەرەبەکانی لای ئێمە، لە جەهالەت و خۆ بەگەورەزانینەوە دێت و قسورەکەشی لە ئێمەوەیە، چونکە ئێمەی کورد تاکو ئێستاش لە وڵاتی خۆمان، خۆ بە برا بچکۆلەی عەڕەب ئەزانین. فەرمانبەرانی کورد تاکوو ئێستا بە شێوەیەکی کۆنکرێت بیریان لەوە نەکردۆتەوە، کە پلان و بەرنامەیان بۆ خۆگونجاندنی خەڵکانی عەرەب لە کوردستان، هەبێ و بە پێچەوانە کورد دەبێ لە وڵاتەکەی خۆی خۆی لە گەڵ عەڕەب ڕاهێنێ!
بۆ خەڵک و کاربەدەستان لایەنی ئابوریی و پووڵ و پارە هێنان و بردنی عەرەبەکانی باشور و ناوەندی عێراق بۆ ناو بازاڕەکانی کوردستان گرنگە، نەک زمان و تێکدانی سیما نەتەوەییەکان و سەروەری قانوون و خۆگونجاندنی میوان لە گەڵ نۆرمەکانی کۆمەڵگا! بۆیە زمانی کوردی بە لایانەوە گرنگ نییە و ئەوانیش بە عەڕەبی لە گەڵ براگەورەکانی خۆیان دەدوێن. بەم فەلسەفەی برا گەورە و برا بچوکییە، خەڵکانیان ئاوارە کردوەو و کوردنشینانی کوردستانیان لای عەرەب سووک و چرووک کردووە.
فەرمانبەرانی کوردستان تاکوو ئێستا بیریان لەوە نەکردۆتەوە کۆرسی زمانی کوردی بۆ عەرەبە ئاوارەو میوانەکان بکەنەوە! زەوی و ماڵ و موڵکی کوردەکان بە عەرەبەکان ئەفرۆشن، تەنانەت بە تاپۆی ڕەشیش.
لە ئوتێلە لوکسۆسەکاندا عەرەبەکان بەڕێوەبەری و ئۆرگانیرە کردنی ئوتێلەکانیان بە دەستە و کوردەکانیش پاککردنەوە و چێشتلێنان و خزماتکاری ئەوانەیان وەئەستۆ گرتووە! زۆربەی ئوتێلە گەورەو بە ناوبانگەکانی هەولێر لەژێر دەستی عەرەبەکاندا بەڕێوە دەبردرێن. ئەگەر بە کوردیش قسەیان لەگەڵدا بکەیت، بە عەرەبی وەڵامت ئەدەنەوە، چونکە لە وڵاتی کوردان پێویستیان بە زمانی هاووڵاتییە کوردەکان نییە، "خۆ هەموو کورد زمانێ عەرەبی ئەزانن"، ئیتر بۆچی بە زمانی کوردی قسەبکەن!.

ئەمە باری ئێستای کوردستانە و بە بڕوای من خەتەرێکی گەورە لە سەر ئاییندەی کوردستان هەیە، ئەگەر لە ئێستاوە سنوورێک بۆ ئەم خۆبە ساحێبماڵ زانینە دانەنرێت.
غەمساردی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە، بە بیروبۆچونی من، خەتەرەو گیروگرفتی ترسناک بۆ پاشەڕۆژی کوردستان دروست ئەکات، بۆیە ئەبێت ئێستاو هەر لەم ساتە وەختەدا بیرێکی قوڵ لەم دیاردەیە بکەینەوە. هەڵهاتنی خەڵکی باشورو ناوەڕاستی عێراق بۆ ناوچە کوردییەکانی کوردستان، دەبێ بە پێوەرێکی سنووردراو، دەستنیشان بکرێت. ئەو کەسانەی دێنە کوردستانەوە، پێویستە زمانی کوردی فێربن و ئاوێتەی کولتوری کوردی بکرێن، ئەمەش بەهۆی کۆرسەکانی زمانەوە، کە لە هەموو جیهاندا پراکتیزە ئەکرێت، ئەویش بەبێ جیاوازی ئەگەر ئاوارە بن یان کاسبکار.
جێگای داخە، کە تاکوو ئێستا کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان غەمساردانە کار لەم بوارەدا دەکەن. عەرەبەکان ئێستاش خاکی کوردستان بە ماڵ و خاکی خۆیان ئەزانن، ئەمەش لە کاتێکدا، کە شەڕی گروپی داعش سەروبەرۆکی گرتوون.
ئەی ئەگەر ئەم شەڕە کۆتایی بێت، ئەبێ چی بە کوردستان بکەن!؟ ئێمەی کورد هیچ ساتەوختێک بێڕێزیمان بەرامبەر میوان نەکردووە، بەڵام گیروگرفتەکە لەوەدایە، کە ئەم عەرەبانە خۆیان بە میوان نازانن، بەڵکوو بە خاوەن ماڵ و هیچ ڕێز وئیحترامێک بەرانبەر خەڵکی کوردستان پێشان نادەن.
ئێمە لە کوردستانیشدا پەستانی ئەوەمان لەسەر دەکەن، لەگەڵ ئەواندا بە زمانی عەرەبی بئاخفیین! ئایا ئێمە لە شارە عەرەبنشینەکاندا ئەتوانین بە کوردی لەگەڵیاندا بدوێین؟! بێگومان نا. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەوان لە کوردستان بە کوردی نائاخافن؟؟ ئەمە دیاردەی ئەو کارەساتە کولتوری و جوغرافییەیە، کە عەرەبی وڵاتی ئێمە پراکتیزەی ئەکات و کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش غەمساردانە چاوی لێ ئەپۆشن. من ئێستاش تێناگەم بۆچی کورد تاکوو ئێستاش خۆی بە برا بچوک و سووک سەیر دەکات، بەتایبەتی بەرامبەر بە عەرەب!
ڕەنگە هەندێ کەسانی کۆسمۆپۆلیت و جیهانبین، ڕەخنە لەم چەند دێرە، بەوە بگرن، کە عەرەبەکانیش هاونیشتمانی عێراقن و مافی خۆیانە سەردانی کوردستان بکەن، گەشتی تێدا بکەن. قسەکانی من دژی کەسانێکی عەرەب نیین کە دێنە کوردستان و ڕێز لە کولتور و مێژووی ناوچەکە دەگرن، بەڵکو مەبەست لێرەدا ئەو کەسانەن، کە تاکوو ئەم سەدەیە، لە تەم و مژی سەردەمانی جاهیلی تێناپەڕن و بە هزر و عەقڵیەتی ئەو سەردەمە، مامەڵە لەگەڵ کولتور و مرۆڤەکاندا ئەکەن. ئێمەی کورد میواندۆست و
شیرینزمان مامەڵە لەگەڵ کەسانی بێگانە و میوان دەکەین، بەڵام کوردیش ئەڵێت، "ئەگەر شیرین بووم مەمخۆ!"